# ئەگەر لە کەرکوك نەکشێنەوە لە گەڵ تورکیا لێتان دەدەین

**گۆران سامان**

ڕۆژی ۲۰۰۳/٤/۱۰کە ڕۆژی سەردەمێکی نوێ و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی پاك بوو لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەییمان کە ئەویش ڕزگار کردنی شاری کەرکوکی خۆشەویست بوو ئەو ڕۆژە بوو بە ڕۆژی جەژن و شایی و ڕزگاری گەلی کورد، هەر لەو ڕۆژەدا کاتێ سەیری شاشەی تەلەفزیۆنم کرد جەماوەر بە جلو بەرگی کوردی شان بەشانی نەتەوە و کەمایەتیە ئەسڵەکانی شاری کەرکوك ئەم ڕۆژە پیرۆز دەکەن لە کەیفا کەم مابوو هەڵبەزمە ئاسمان بەڵام هەر لەو ڕۆژەدا ئاخ هەر لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەی بەیانیەکەی کاتێك سەرۆك وەزی تورك عەبدولاڵ گول لەسەر تەلەفزیۆنی CNNقسەی کرد و ووتی زۆر سوپاسی بەڕێز کۆڵن پاوڵ دەکەین کە وتویەتی غەمتان نەبێ گومانتان لا دروست نەبێ بۆ ماوەی ۲٤کاتژمێر هێزەکوردیەکان دەبێ لەوێ بکشێنەوە و هەروەها سوپاسی کاك مەسعود بارزانی دەکەم کە پێی ڕاگەیاندین ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان قسەمان لەگەڵ مام جەلال کردووە و ڕەخنەمان کردووە و ئاگادارمان کردۆتەوە کە ئەگەر بۆ ماوەی ۲٤کاتژمێر لە کەرکوك نەکشێنەوە ئەوا هێزەکانمان شان بەشانی سوپای تورك لێتان ئەدەن. ئاخ دەبێ کورد کەینێ دەستی خۆی عەقڵی خۆی لە ژێر سەری ئەو سەرکردانە دەرهێنێ تۆ بڵێی ئەوانە لەو فرسەتە زێڕینەدا بتوانن شتێك بۆ کورد بکەن.

لە ڕۆژی یەکەمینی ڕزگار کردنی شاری کەرکوك بەدەر کەوت کە لە ستراتیژیەت و نەخشەی ئەمریکادا کەرکوك نیە، هەروەها بەدەرکەوت کە پارتی دیموکراتی کوردستان مەبەستی لەو لاف و دروشمانەی کەرکوك دڵی کوردستان و بێ کەرکوك ژیان نابێ و سازش لە سەر کەرکوك ناکەین نەتەوەیی بوون و کەرکوك نیە بەڵکو خۆ پاککردنەوە و خۆدانە قەبولکردنە بە جەماوەر. هەروەها لەو ڕۆژانەدا بە ئاشکرا بەدەرکەوت کە ئەمریکا لە چوارچێوەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی تەماشای کێشەی کورد ناکات بەڵکو لە چوارچێوەیەکی گشتی و ماف مرۆڤ نزیك ئەبێتەوە. بۆیە جەماوەری گەلەکەمان بە چین و توێژەکان بە گشتی و ڕۆشەنبیر و خوێنکاران بە تایبەتی پێویستە لەوڕۆ بە دواوە چاویان لە هەردوو ڕێکخراوی ( YNK-PDK)نەبێت، ئەوانە هەموو شتی خۆیان ڕادەستی ئەمریکا و دەرەوە کردووە هیچ ئیرادەیەکیان نیە، ڕەنگبێت لە پێناوی ئیرادەی خۆیان هەموو شتێك بدۆڕێنن. بۆیە پێویستە ئەو لایەنانە و سەرکردەکانیان ئاگادار بکرێنەوە کە بەبێ پشت بەستن بە جەماوەر و ئیرادەی گەل و بەبێ ڕێکەوتنی نەتەوەیی لە نێوان هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبتی باکور- باشور مەحاڵە بەتەنیا هەردوو پارتی لاواز و بێ هێز بتوانن لەو ئاوە قوڕاوە مەلە بکەن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ۷-۳-۲۰۰۳

ئێمە وەك کوردستان نێت بەردەوام و بەوردی (موتابەعەی) هەواڵ و گۆڕانکاریەکان دەکەین. هێندەی ئێمە بزانین یەکێتی هاتە ناوکەرکوك و پاش ماوەیەکی زۆر کەمیش پارتی، ئەمەش لە شاشەی زۆربەی تەلەفزیۆنە جیهانیەکان بینرا. بۆیە سەیرمان لێدێت، cnnو گول وادەڵێن و کاك گۆران یش دووبارەی دەکاتەوە و دەیکاتە ناونیشانی وتارەکەی. زۆر گرنگە لەم بارە ناسکەدا وریا بین و بەوردی ڕوداوەکان هەڵسەنگێنین.......

سوپاس